# کۆجیتۆی
# من ڕازیم کەواتە من هەم

**نووسینی: محمد صدیق**
mbarznjy@yahoo.com

**ئەم کۆجیتۆیە – پەیوەستە بە کەلچەر و نەریت و ڕەهەندی ئایینی و فکری کۆمەلگایەکەوە – کە زۆر جار زەبری کوشندەی خواردووە لە دوای ڕازیبوونی بەردەوامییەوە بە هەموو شتێك تە نها لە بەر ئەوەی خوا لێی ڕازیبێت یان سەرۆك زویر نەكات یان باوك دڵخۆشكات – بەردەوام ماناكانی ڕازیبوون پەیوەستبوونەتەوە بە بوونی تاكێكەوە كاتێك یان ئەو ساتەوەختەی كە ناڕازییە هەست بە وونبوون و نەبوونی خۆی دەكات.**

**هەموو نوقستانیە بچووكەكان لە خزمەتگوزاری و پێداویستیە سەرەكییەكانی مرۆڤ لە خوێندن و تەندروستی و ئاو كارەبا و هۆكانی پەیوەندی و نیشتەجێبوون و ......................هتد نەبوونی یان كەمیی لە شتە گەورەكانیش وەك نەبوونی ناسنامەی نیشتمانی و نەبوونی دیموكراسی و ئازادییە سەرەتاییەكان و مافە سەرەكییەكانی مرۆڤ – بەلام هێشتا سووپایەكی گەورەی خەڵك ڕازین و كیشەیان نییە یان مێش میوانیان نییە – بۆ چونكە فێركراوین كە ڕازیبین و كۆجیتۆی ڕازیبوون دەبێتە ناسنامەیەكی هەمیشەیی بۆمان .......تۆی ڕازیش كە ئەم سەرەتایە دەخوێنیتەوە دەڵێت وانییە من ناڕازیم .....منیش دەڵێم وایە بەڵام بەس بە خەیاڵ .....خەیاڵێك كە زۆرجار شیعرت پێدەنووسێت یان چیرۆك یان نوفلێك یان شانۆگەرییەك یان فیلمێك , گۆرانییەك , تابلۆیەك .......هتد بەڵام لە واقعدا كەڕ و كوێر و نابینا و بێجووڵە كە دەستت گرتووە بە كلاوەكەتەوە با نەیبات ......ڕازیبوون پەیمانێكە و مۆرتكردووە ....لەوانەشە تۆ كاتێك ئەمە دەخوێنیتەوە ..ناڕازیبیت و هەڵوێستت هەبێت ....منیش دەڵێم تۆ دەزانی بۆ ناڕازیت ؟ لە چی ناڕازیت؟ كەی ناڕازیت؟ لە كێ ناڕازیت؟ لە كوێ ناڕازیت؟ هوڵبدە وەڵامی خۆت بدەیتەوە!**

**واقعی ئەمڕۆی كوردستان لە ڕووی ڕامیاری و ئابوورییەوە لە لایەن ئاماژە سیاسیەكانەوە مۆنۆپۆڵ كراوە و ئەوانەی كە كاری ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردن و جێبەجێكردن دەكەن لە دەزگاكانیاندا ڕەنگێكیان هەیە و بەو ڕەنگانە دەناسرێنەوەو باوكەكانیان ڕازیدەكەن و كۆمەڵگاش بەدبەختدەكەن بەوەی كە ئەوانە زۆربەیان كەسی نەگونجاون بۆ شوێنێكی پیشەیی نەگونجاو ...كە كەسە گونجاوەكان فەرمۆشكراون و لەدەرەوەی ئەو شوێنانە كاری تر دەكەن ....ئەمەیە ڕێزنەگرتن لە مەعریفەو توانای تەكنیكی و ئەكادیمی ...ئەمەیە قەدەری نیشتمانێك كە گەندەڵی وەك سن هەموو پایەكانی خواردووە و لە كەوتندایە ....ئەمەیە نیشتمانی یادداشت نووسینی بێوەڵام و هاواركردنی بێئەنجام و نارازیبوونی بێوەلام و سوكایەتی كردن بە مرۆڤ و بەهاكانی ..........هتد بەڵام هێشتا ڕازین و دەڵێین ساوایە ئەزموونەكەمان و ئێمەو نەریتی دیموكراتی نامۆیین بەیەك چونكە لە ڕابردوودا دەستەمۆی دیكتاتۆرێك بووین كە فێری ڕازیبوونی كردین ......ئێمەش ئەو لایەنەمان كردە بەرنامەوچیتر ئەو شەهیدە ناڕازیانە دروست نابنەوە كە پێشتر پێشەوای هەموو بزاوتە ناڕازییەكان بوون.....چونكە ئێستا لە بەر زەرورەتی ئاسایشی نیشتمانی و خوێنی شەهیدە ناڕازییەكان دەبێت ڕازیبین بەقەدەری خۆمان.**

**فۆبیایەكی گەورەیە – دەترسین لە هەموو شتێك تەنەنات لە سێبەرەكانیش , ئیتر كاتێك ئەو سێبەرانە سیمای ڕاستەقینە بن ئەوا یەكسەر تیووری ئینقلاب و دەستی دوژمن و ....هتد دەبنە تۆمەت و عەسكەر دێت و دەرگا دادەخرێت و داجاریش دەڵێن وەرن با قسە بكەین ..... (بە درۆ) ......لە راستیدا قسەكردن تەنها تاكتیك و كات كوشتنە تا بەرنامەی گەورەكان دەچنە جێگاو ئاكامی خۆیان.....**

**بزاوتی ناڕازیبوون لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گۆڕانی گەورەی دروستکردووە , بەڵام لە میژووی نیشتمانی ئێمەدا گۆرانی بە ئاڕاستەی دووبارەبوونەوەی ڕابردوو دروستکردووە ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی کە جیهانبین و گەورە نەبووین بەڵکە نابینابوو خۆبەخشبووین – متمانە بەخش و خۆشباوەڕبووین – ببورن گەر بڵێم ساویلکە بووین؟**

**لە گەورەترین تەنگەژەو هەناسەسواری و تەنگەنەفەسیمان دا لە قورسترین ڕۆژگار و خاڵی گۆڕین و نوێ بوونەوەی سیستمەکانی سیاسەت و پەیامەکانی سیسەتمەداران لە جیهاندا بۆ بە دیوموکراسی بوون و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ – ئێمە هێشتا چاوەنواڕی شاوری یان فیکەی باوکانی سیاسەت یان خواکانی سەردەمین بۆ ڕژانە سەرشەقام و ناڕازیبوون و داواکاریمان بۆ نۆێبوونەوە و گۆڕان و چاکسازی - کاتێکیش خەڵك بەبێ ئاگاداری ئەوان دێنە شەقام ئەوا شەقام دەبێتە ئاگر و بە داپڵۆسین و لێدان خەڵك ڕاپێچی زیندانەکان دەکرێت یان لە باشترین حاڵەتدا نە کەس گوێت لێدەگرێت و نەکەسیس دەتبینێ وەك ئەوەی ناڕازییەکان خێوەکانی گۆڕستانبن و هاتوونەوە بۆ خۆ نمایشکردن لە شەقامەکاندا و – ئەمە دیمەنێکی گشتیە لەم نیشتماندا کە بەردەوام بزاوتی ڕیفۆرم و ناڕازیبوون لە فەرامۆشی و دژایەتیکردن و لێداندایە یان فەرامۆشی بە لۆجیکی ( با ئەوان بۆ خۆیان بڵێن و بڕێسن ئێمە ئیشی خۆماندەکەین) – ئەگەر پرسیاربکەین بۆ؟ ئەوە وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم مەسەلەیە تەنها ئەوەیە کە ئەم نیشتمانە بە کەڵچەری خۆی و ژێرخانە فیکرییەکانیەوە بەردەوام ڕازییە و ئەو ڕازیبوونەش وایکردووە کە گەندەڵی و دواکوتوویی لە هەمووبوارەکاندا بهێنێت – پێشکەوتن لەم نیشتمانەدا هێندە سستە کە ئەگەر بەراوردێبکەین لە نێوان پێشکەوتنی لە بوارە تەکنەلۆژی و زانستیەکاند ا تا بوارەکانی هونەر و وێژە و پزیشکی و .........هتد ئەوا ئێمە بە جووڵەو بزاوتی کیسەل و ئەوانیش بە جووڵە و بزاوتی ئاسك – ئەوان کێن هەموو ئەو ناڕازییە داهێنەرانەن کە ئێمەی ڕازی و نووستوو دەکەنە بەکاربەر و کۆستمەری خۆیان.**
**ئەگەر ریالیستیانە بڕوانینە جووڵە و بزاوتی هونەریمان کە پانتایی ئەم نووسینەیە ئەوا لە سەدەی ڕابردوودا چیمان کردووە:-**

1. **لە دایك بوونی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەند و سیاستمەدار لە چەند نەوەیەکدا – زۆری لە ژمارەو کەمی لە بەرهەم و داهێناندا – بۆ؟ چونکە بوونی زۆربەی ئەوانە لە ڕەوت و بزاوتی سیاسی یان هونەری وەك بوونی ئاسنگەر و دارتاش و کورەچی و ........هتد – بوونێکی پیشەیی بووە نەك هونەریی یان سیاسی بەمانەیەکی تر – بوونێکی خوڵقێنەر و داهێنەر – ئامادەبوونێکە بۆ خۆدۆزینەوە یان خۆسەپاندن بە سەر واقعێکی کۆمەڵایەتی یان ئابووریدا وە ڕێگایەکی ئاسانیشە بۆ گەیشتن و خۆمەشغوڵکردن و کات کوشتن ئەمە ئاماژەیەکی سەیرە کاتێك ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان خەریکی شیعر نووسین و شانۆ و نەقاشین هەرچی بوارە زانستییەکانیشە لە فەرامۆشیدان وەك ئەوەی کە ئێمە پێویستمان بە پێشکەوتنی زانستی نەبێت! و تەنها هونەر و ئەدەب یان سیاسەت ئەوە بوارانەن کە بەرەوپێشمان دەبەن! سەیرە وانییە. ئەم دیاردەیە جەدەلێکی زۆر و چەنەبازییەکی زۆری دەوێت کە لێردا بواری نییە بەڵام دەکرێت بڵێین کەئەمە بە هۆکاری خەباتی ڕزگاریخوازیکورد و جەنگ و فاکتەری سیستمێکی فیودالی - ڕۆمانسی و نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادییەکانی تاکەکەس بە هۆی بوونی ڕژێمێکی تۆتالیتاری – نەتەوەیی کە ئازادی کەسی و نەتەوەیی کوردی یاساغ کردبوو – بەڵام سیاستمەداری کورد دەڵێت ئەمڕۆ ئێمە ئازادین و دەبێت بوونی رۆشنبیری و زانستی کورد بسەلمێنین – بەڵام چۆن؟ بە سیستمێکی ئاوا گەندەڵ و کۆنەوە – بە بوونی داهۆڵ و گۆڕهەڵکەن و دەیناسۆر و ملشکێن و ماستاوچی و درۆزن و .....هتد لە ڕێگای گەنجاندا ئەوا بوونی ڕۆشنبیری و زانستی ئێمە بەردەوام لە نووشتی و هەڵدێردا دەبێت و ئەوەتا ووزە بۆتە گەورەترین کێشەی ئەم نیشتمانە کە بە کەس چارەسەر ناکرێت؟ کە ئەم مەسەلەیە بوونی ئێمە لە سەدەی داهاتوودا دەخاتە مەترسیەوە؟**

2. بوونێکه بەردەوام دەڵێت (گوێمەدێ – خواکەریمە – لۆخۆی چاکدەبێت؟) ئێمە بەردەوام پرسەکانمان هەڵدەگرین بۆ سبەینێ؟ کە ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە کە کورد هەست بە گرنگی زەمەن ناکات؟ وە نەبوونی هەستکردن بە زەمەن وە نەبوونی ئامانج بۆ جێبەجێکردن لە زەمەندا کاریگەری لە سەر بوونی ئێمە وەك بوونێکی قەدەری هێشتۆتەوە وەك ئەو درەختە تەنهایەی سەرشاخ کە نازانێ کوام زریان وە لە چ کاتێك هەڵیدەکەنێت؟

3. بوونێکە بەردوەام دەڵێت ( ئەوەی خوا نەیکات نابێت؟) – ئەمەش ئەو ئەفسوونە قەدەرییەیە کە زۆربەی کەڵچەرەکانی ڕۆژهەلاّتی نێوەند و بەشێکی ئاسیا و زۆرێکی ئەفریقای رەشی داپۆشیوە – ئەمەش جۆرێکی ترە لە ڕازیبوون کە – خۆدزینەوەیەکی زۆری تیایە لە مەترسی و بەرپرسیارێتی و کوشتنی بیرکردنەوەیە لەوەی کە لەوانەیە ڕووبدات؟

4. بوونێکە تەنها لەسەر یادەوەری دەژی؟ پاش مردن ڕێز لە بوونەکان دەگرێت و پاداشتیان دەکات ؟ تەقدیسی مردن و مردووەکان ئەهمیەتی ئێستاو زەمەنە زیندووەکانی کوشتووە تیایدا. بۆیە بەردەوام ئەو ڕازییە بە ئێستاو چاوەڕوانی پاداشتە لە داهاتوودا – لە زەمەنە فەلسەفیەکاندا.

من ڕازیم کەواتە من هەم – تۆ نارازیت کەواتە تۆ نیت و بوونت پەیوەستە بە منی ڕازی و بێدەنگەوە کەواتە منی رازی منێکی مردووە و ئەم نیشتمانەش نیشتمانی مردووە زیندووەکانە.

لە سەدەکانی ڕابردوودا ئەرکی گۆڕان و چاکسازی لە هەموو بزاوتەکانی نارەزایی و شۆڕشەکاندا پێشەواکانی ڕۆشنبیر و قوتابیان و هونەرمەندان بوون و گۆڕانی گەورەیان خوڵقاندووە گەرچی بێ باجیش نەبووە و نابێت – بەلاّم لە نیشتمانی کورد و لە کوردستانی باشوردا و دوای ڕاپەڕین و ڕزگاری و کۆتایی بەعس و دیکتاۆریەتی عەرەبی فاشیزم و دۆخی بە ناو ئازادی فاشیزمێکی لۆکاڵ دروستدەبێتەوە کە سیماو ستراکچەری سەرجەم دەزگاوڕێکخراوە ڕۆشنبیریەکان و بزاوتی قوتابی و کرێکار و فەرمانبەر و یاساناس و ڕۆژنامەنووس و ....هتد دەخاتەوە ناو حیزب و چیدی ئازادی دارایی و فیکرییەکان لە دەرەوەی حیزب کۆنترۆڵ دەکرێت – لەم زەمەنەدا و تا ئەم ساتەوەختەش – ڕێکخراوەکانی سەر بە لیستی حیزب و دەستەو تاقمی چەپ و ڕاست دەبنە مۆدێل و بەشداری دەکەن لە دابەشبوونی کۆمەڵگای کوردیدا بە سەر خۆیاندا و ئەمە تەنانەت ناوچەکانیش دەگرێتەوە – ئەم دابەشبوونە تا ئەو ساتەوەختەیە کە حیزبەکان دەخوازن نەك بزاوتەکان و ئامانجەکانیان – کۆمەڵێك مشەخۆر و کۆیلەش دەبنە سووتەمەنی و هێزی ئەم دابەشکردنەو چالاکانە بەشداری تیادەکەن.
هەر ئەمەشە وادەکات ژیانی ڕۆشنبیری و هونەریمان لە دواکەوتوویەوە بۆ دواکەووتویەکی گەورەتر و پەیام و کاراکتەری ڕۆشنبیری کوردیش هێندە لاواز بکات کە چیدی توانای خۆنمایشکردنی نەمێنێت.
ڕێکخراوەکانی هونەرمەندایش نموونەیەکی زیندووی ئەم دابەشبوون و یکگرتنەوە کارتۆنیەن کە ڕووبەڕوی نارەزایی هونەرمەندان بوونەتەوە و بەلاّم ئەوان وەك ئەوەی کە ئەرکێکی نیشتمانی گەورەیان ئەنجام دابێت – دژی هەموو هەوڵدانێك بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی و نوێبوونەوە دەوەستنەوە و جەنگێکی دۆڕاو بەرامبەر هونەرمەندی ئازاد و عەقڵی ئازاد ڕادەگەیەنن و ژیان و کورسیەکانیان یەکسان دەکەنەوە بەیەك و براواهێن و ڕازی و خۆشباوەڕن و نازانن مێژوو لێبووردنی بەرامبەر بەو جۆرە کەسایەتی و ڕافتارانە نییە! – نازانن ژیان خۆی دوای نوێبوونەوە دەکات و دوای هەموو بەستەڵەك و شەختەیەك – خۆرەتاو سەرهەڵدانێك هەیە.

کۆتایی